# ئیجازەی مەلایەتی هەڵەی مێژوویی تێدایە !!

مەلا عیماد گوانی

کارێکی وا ئاسان نییە، کە مرۆڤ بتوانێت هەموو ئەو دابونەریتانەی نێو کۆمەڵگا بخاتە ژێر وردبینو، بیانداتە بەرنوکی خەنجەری ڕەخنە، بەتایبەت ئەو پرسانەی، کە پیرۆزیان لای نەوەکانی کۆمەڵگا پێخەڵات کرابێت، بەڵام مانای وانییە کارێکی هەڵە بەتێپەڕبوونی ڕۆژگارو بێ ڕووبەڕووبوونەوە پیرۆزی وەرگرتبێ، ئیتر ئەبێ هەموو نەوەیەك لەئاست ئەو هەڵەیە بێدەنگ بنو ڕووبەڕووی نەبنەوە تاکو ڕووی ڕاستی پێببەخشن.

بیریاران ئەڵێن: واجب بوونی فەرمان بەچاکەو قەدەغەکردنی خراپە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تاکو خراپە پیرۆزی وەرنەگرێتو نەبێتە دابونەریت، لە کۆتاییدا ببن بەگەورەو سەرداری شتە جوانەکانی ناخی مرۆڤ، هەر بۆیە بڕیارمدا کۆڵبدەمە ژێر ئەو بارە قورسەو تەمەنی جوانی بۆ تەرخان بکەمو، شەونخونی لەپێناودا بکەم، بۆ ئەوەی ئەو پرسیارانەی لەلام دروست ببوون سەبارەت بە دروستیو نادروستی ئەو زنجیرە زانایانەی کەبەدوای یەك ناویان هاتووە لەئیجازەی عیلمی نزیکی ژیانیان لەیەکتر.

لەدوای گەڕانێکی زۆر بەنێو لاپەڕەی کتێبەکانی زانایانی شارەزا لەبواری زانستی پیاوەکان (علم الرجال) کەباس لەوردەکاریەکانی ژیانی زانایان دەکات، کە سوپاس بۆخوا کتێبخانەی ئیسلامی بەم بابەتانە دەوڵەمەندە، لەکۆتاییدا گەیشتمە سەرەنجامێك کە:-

١- ئەو پیرۆزیەی کە ئیجازەنامەی زانستی لەکوردستان هەیەتی لەهیچ شوێنێکی تری ئیسلامەتی نییە.

٢- سەرچاوەی هەموو ئیجازەنامەکان لەکوردستان دەچێتەوە سەر پێشەوا عەلی.

٣- بۆچی تەنها سەرچاوە (پێشەوا عەلی)یە بۆ مەلای کورد، لەکاتێکدا زانیانی تر هەبوون کەخاوەنی ڕاو قوتابخانەی تایبەت بەخۆیان بوون لەزانستە جۆراوجۆرەکاندا.

٤- هەموو ناوەکان زۆر بەکورتی نووسراونو هەوڵی زۆری دەوێت تاکو دەگەیتە ئەوەی مەبەستە.

٥- ئەگەر دووبڕونامە بەراوردکەین کە سەرچاوەیان یەکە کەچی هەندێك ناو نابینرێت کە لەئەوەی تریان بەدیدەکرێت، بۆ نمونە لەزۆربەی بڕوانامەکاندا کۆتایی سەنەد لە (حەسەنی بەصری) ڕەحمەتی خوای لێبێت دەگاتە پێشەوا (عەلی) ڕەزای خوای لێبێت لەویشەوە بۆ پێغەمبەری ئازیز(د.خ)، لەهەندێك بڕوانامەی تردا لە (موسى كازم)و (زين الدين بن علي بن حسين) دەگاتەوە پێشەوا (عەلی) ئەمەش پرسیار دروست دەکات ئاخۆ کامەیان دروستو ڕەوانە؟

٦- ئەوەی جێگای سەرنج تێڕامانە کە ئایا ئەو زانایانەی کە لەسەنەدەکە ناویان هاتووە ئیجازەی لەیەکتر وەرگرتووە یان هەر قوتابیو مامۆستا بوون، ئەوەی لەمێژووی ژیانیان دەردەکەوێت هەندێکیان تەنها بۆ ماوەیەك لای مامۆستاکەی ماوەتەوە، جگە لەزانایانی کوردی نێو سەنەدەکە نەبێت هیچ سەرچاوەیەکم دەست نەکەوت کەبیسەلمێنێ کەبڕوانامەیان لەو




مامۆستایە وەرگرتبێت کە ناوەکەی لەدوای ناوی ئەو هاتووە یان زانستەکانیان لەلا تەواو کردبێت.

بۆ نمونە (شریفی جورجانی) دەرسی لای (قطب الرازي) بووە تەنها یەك کتابی لادەخوێنێت، هەروەکو لەبڕوانامەکەش ئاماژەی پێکراوە کە وشەی (تلمیذ)ی بەکارهێناوە نەك (مجاز).

٧- لەنێوانی (فەخری ڕازی)و پێشەوا (غەزالی) پچڕانێکی گەورە هەیە، چونکە ئەگەر بەمێژووی ژیانیاندا بچینەوە دەبینین (٣٩) ساڵ جیاوازی لەنێوان لەدایکبوونی (ڕازی)و مردنی (غەزالی)دا هەیە ڕازی لە (٥٤٤)ك لەدایکبوە کەچی غەزالی لە (٥٠٥)ك کۆچی دوایی کردووە.

٨- پاشان دەڵێن (عبدالملك الجويني) قوتابی (ابو طالبي مكي) بووە کەچی (الجويني) لەساڵی (٤١٩)ك لەدایکبووەو (مکی) لەساڵی (٣٨٦)ك کۆچی دوایی کردوە.

٩- ئەوەی جێی تێڕامانە لەبڕوانامەکانی کوردستان بەتێکهەڵکێشانی دوو سەنەد لەدوای (ابو طالبي مكي) چونکە سەلماندمان کە (جويني) قوتابی (مکي) نەبووە، بۆیە لەنێوان قوتابخانەی زانستە شەرعییەکانو زانستی تەصەوفدا یاخود زانایانی بەناوبانگی ئەم زانستە، چونکە لەدوای (ابو طالبي مكي) لە بڕوانەمەکان لەجیاتی (مجاز) هەرسێ چەمکی (الانابة- الارادة- الخرفة) بەکارهاتون کەهەرسێکیان دەستەواژەی زانستی تەصەوفە.

١٠- لەدوای (ابو طالبي مكي) وشەی قوتابی بڕوانامە وەرگر نابینرێت لەزۆربەی بڕوانامەکان بەڵکو هاتووە (وهو من) کە ئەمەش (عطفة) بۆسەر ڕشتەی (اخذ الانابة والارادة والخرفة) واتا ئەمانەش هەر ئەمەیان وەرگرتووە لەپێش خۆیان.

١١- لەبڕوانامەکاندا هاتووە کە (حسن البصري) ئیجازەی لە (پێشەوا علی) وەرگرتووە کەچی کاتێك (حسن البصري) لەدایك دەبێت لەساڵی (٢١)ك لەدایکبووە لەشاری میسان پاشان چووە بۆ بەصرە تاکۆتایی ژیانی لەوێبووە، پێشەوا (علی) لەساڵی (٤٠)ك شەهیدکراوە، لەماوەی ئەو نۆزدە ساڵە چۆن توانی ئەم هەموو زانستە لەپێشەوا عەلی وەربکرێت لەکاتێکدا هەمومان دەزانین کاتێکی چەندە هەستیارو ناسك بووە، وەهیچ سەرچاوەکیش ئاماژە بەوە ناکات کە (حسن البصري) قوتابی ئیمام عەلی بووبێت، چونکە لەژیاننامەی (حسن البصري) پێشەوا عەلی لەنێو لیستی مامۆستاکانیدا نییە.

١٢- بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەو ڕایەی کە دەڵێت ئەم بڕوانامانە سەنەدەکەیان جێگای پشت پێبەستن نین، هەڵساوم بەگەڕان بەدوای دۆزینەوەی سەنەدێکی دروست تادەگاتە پێغەمبەری خۆشەویستمان (د.خ) لەئەنجامدا سەنەدی بڕوانامەی (قاضي بيضاوي)م لەکتابە نایابەکەی (الغاية القصوى ودراية الفتوى) کە د.علی قەرەداغی وردبینی تێدا کردووە دەستکەوت کەئەکرێ هەڵەکانی لای خۆمانی پێ چاك بکرێتەوە، کە ئەمەش دەقی بڕوانامەکەیە {فاعلم اني اخذت الفقه عن والدي مولى الموالى الصدر العالي ولي الله الوالى، قدوة الخلق، وبقية السلف، امام الملة والدين، ابى القاسم، (عمر-قدس الله السره-، وهو عن قاضي القضاة السعيد فخرالدين، محمد ابن الامام الماضي صدرالدين ابى الحسن علي البيضاوي (قدس الله ارواحهم) عن الامام مجيرالدين، محمود بن ابي المبارك البغدادي، عن الامام ابي منصور سعيد بن محمد عمر الرزاز، عن امام الحرمين ابي المعالي عبدالملك ابن شيخ ابي محمد عبدالله بن يوسف الجويني، عن والده، عن امام الدنيا ابي بكر عبدالله بن احمد القفال المروزي، عن الامام ابي زيد بن احمد المروزي، عن الشيخ ابي اسحاق المروزي، عن القاضي المقتدى ابي العباس احمد بن عمر بن سريح، عن الامام ابي القاسم عثمان بن سعيد الانماطي، عن الامامين اسماعيل بن يحيى المزني، والربيعبن سليمان المرادي، كلاهما عن الامام المحقق ابي عبدالله محمد بن ادريس الشافعي، وهو اخذ العلم عن امام حرم الله مسلم بن خالد الزنجي، عن ابن جريج عنعطاء، عن ابن عباس، عن امام حرم رسول الله مالك عن نافع عن ابن عمر، وكلاهما عن النبي (صلى الله عليه وسلم).

ئەوەی لێرەدا بەدەردەکەوێ کە ئیمامی غەزالیو جوەینی هەردووکیان لەسەنەدەکەدا هەن، جوەینی ئیجازەی لەباوکی وەرگرتووە، کەچی لەبڕوانامەکانی لای ئێمە لە ئەبوتالیبی مەکیە کە ژیانو مردنیان (٣٣) ساڵی نێوانە.

١٣- ئەوەی ماوەتەوە بڵێین لەدوای تەواوبونی سەنەدەکە کە دەگاتە پێغەمبەر(د.خ) مامۆستایانمان ئەم وتە بەناوبانگە دەڵێنەوە (لولاك لولاك لماخلقت الفلاك) کە زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی نەفەرمودەی قودسیە نەهی پێغەمبەرە، بەڵکو دژە بەناوەڕۆکی قورئان {وماخلقت الجن والانس الا ليعبدون}، خۆ ئەگەر سەلماندمان کە پێغەمبەر ئامانجی دروستبوونی بوونەوەرە، لەڕووی زانستییەوە دەبێت واز لە لەبەڵگە هێنانەوە بەم وتەیە بێنین بەدوای بەڵکەی تردا بگەڕێین بۆ ڕاستی داواکەمان.

سەرچاوەکان:

سير اعلام النبلاء- الذهبي، تاريخ بغداد- للخطيب البغدادي، تاريخ ابن خلدون- ابن خلدون، تاريخ ابي الفداء- ابو الفداء، الكامل في التاريخ- ابن اثير، البداية والنهاية- ابن الكثير، البدر الطالع- الشوكاني، الفهرست- ابن النديم، ابجد العلوم- الفنوجي، مجهم الاصولين، وفيات الاعيان- ابن خلكان، الموسوعة الصوفية- عبدالمنعم الحنفي، شذرات الذهب- ابن العماد الحنبلي، تذكرة الحفاظ- الذهبي، طبقات الحفاظ- السيوطي، طبقات الشافعية- السبكي.

## (مەلا) لە تەفسیرەکەی (مەلای گەورە)دا

٦

# مەلایەتیو بڕوانامە



هێمن عومەر خۆشناو- شەقڵاوە

نێوانی مەلایەتیو بڕوانامە تا دوو سێ دەیە بەر لەئێستا زۆر تەندروست نەبوو, گرژیی نێوان ئەو دوو چەمکە لەسەرچاوەیەکەوە هەڵقوڵا بوو کە مەلایەتی وەکو چەمکێکی دیارو پڕ بەرهەمو کاریگەر لەنێو کۆمەڵگادا، هیچ چەمکێکی بڕوانامەی بەهاوکوفی خۆی نەدەزانی, چونکە میکانیزمە دونیاییەکان لەنێو بۆتەی مەلایەتیدا جێگای نەدەبۆوە, بەتایبەتیش بڕوانامە وەك دەنگو ڕەنگێکی ڕۆژئاوایی هاتە ڕۆژهەڵاتو بۆ زانستەکانی ترو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری، چزورەو پاشتریش گولی دەرکرد.. بە بڕوانامەکردنی مەلایەتی لەجیاتی ئیجازەنامە دەستو پێی مەلایەتی بەستو چەقبەستووی کرد, بە جۆرێك پێشتر زانای ئاینی بەرێزەوە لەزانستە دونیاییەکانی دەڕوانیو بڕوانامەکانیانی بە پەسەندو بێ زیان دادەنا, بەڵام هەموویان ئامادەیی ئەوەیان تێدا نەبوو خۆیان لەبەردەم بڕوانامەو ئەوەی پێی دەگوترێت زانکۆ بچووك بکەنەوە, لەگەڵ ئەوەی ئەوان بەشەوقی چراو فانۆسی حوجرەکانەوە زانستیان رسکابوو، ئەو زانستەیان لەتاریکی حوجرەکانەوە شەوقی لەڕۆشنایی نوێژی نیوەڕۆی زانکۆکان دەبڕیو دەبووە کانییەكو خوێندکارانی زانکۆ سەردەمییەکان ئاویان لێ دەخواردەوە.

ئەوەی لەم نووسینەدا مەبەستمە بێ نرخ کردنی بڕوانامە نییە بۆ مەلایان, ئەوەندەی قسەکردنە لەجۆری ڕەفتاری مەلایانی ئەمڕۆ لەگەڵ بڕوانامەدا, بەمانای ئەوەی حەزوو خولیایەکی لەرادەبەدەر لەناخی مەلای کورددا هەیە بۆ بڕوانامە, کە شێوەو شێوازی ئەم حەزە جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە. بەتایبەتی لەحاڵێکدا ئەم خولیایە بۆنو بەرامەی دونیای لێ بێت نەك دوارۆژ, واتە بۆ رایی کردنی ئیشو کاری ڕۆژانەو وەك مۆدێلێك, شەرع هیچ ناکۆکی لەگەڵ نییە, بەڵام لەو حاڵەدا جێگای قسەلەسەرکردنە کە لەناخی مەلای کورددا بڕوانامە هێندە بەگرنگ بزانرێ زەرەر بەدڵسۆزی بوون بۆ ئایینەکەو حاڵەتە مەعنەوییە ڕۆحییەکە بگەیەنیو جۆرێك لەشانازی کردنو شێوەیەك لەخۆبەزل زانینی تێدا بێ, خۆبەزل زانینەکەش لەشوێنی خۆی نەبێ, بەڵکو بەراورد بکرێ لەگەڵ پایەو باڵای زانستی دینیو کەسی دەرچووی بەر حوجرەی سادەو ساکارەوە.

خەڵکی تری پابەندنەبوو بەئایین رووی نایەت شانازی بەئاستی زانکۆکانی ئەمڕۆ بکاتو خۆی پێدا هەڵداتەوە, جا چ جای ئەوەی زانایەکی ئایینی بەخۆیو کوڵێ زانستی ئایینییەوە نەك هەر بەزانستی زانکۆکانەوە سەرسامە بەڵکو قبوولێشی نییە لەچوارچێوەی ناوونیشانی مەلایەتیدا بمێنێتەوەو دەستو پێی بڕوانامە ماچ دەکاو بەرگو ناوی مەلایەتی فڕێ دەداو بە لەقەبێکی زانکۆوە رازی دەبێت، ئەمە سەری کێشاوە بۆ ئەوەی بەنوێژی نیوەڕۆ مەلای چەندین ساڵە رازی بە لەقەبی مەلایەتی, ئەمڕۆ بەوەرگرتنی شەهادەیەکی زانکۆ رازی نییە ناوی مەلای بەبەردا ببڕیو بەماجستێرو دکتۆرا ناز دەکاو دەیخاتە پێش شەهادەی مەلایەتییەوە.

ئەز وەك مامۆستایەکی زانکۆ, هەزار جار سەری قوتابییەتیم لەهەمبەر ئەو زاناو مەلایانەی حوجرەدا نەوی دەکەم کە پر بەرهەمو نووسین بوونەو پێشم وایە هەزار ماستەرو دکتۆرام هەبێ ناگەمە پلە عیلمیو رۆحی مەعنەوییەکانی ئەوان, بۆیە بەکارێکی نەنگی دەزانم کە مامۆستایانی ئایینی لەهەمبەر لەقەبی خۆیان بێ نمەك بنو بەبڕوانامۆکەیەکی ماستەر یان دکتۆرا ناز بکەن, کە دواجار سەردەکێشێ بۆ خۆبەزل زانینی ناخو رۆح.

لەڕاستیدا زانایانی جارانی کورد, هەر یەکێکیان لەلایەنی رۆحییو زانستییەوە لە پێش مەلایانی ئێستا بوون, بەڵام هەمیشە بۆ خۆ دەرنەخستنو بۆ سەرزەنشت کردنی دەروونیان خۆیان بە سووكو چرووكو بچووكو کەم زان زانیوە, کەسێکی وەك مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس ئامادە نەبووە خۆی بخاتە بەردەم بڕوانامەی دکتۆراو پرۆفیسۆریی, چونکە ئامانجێکی دیکەی هەبوو و هێندە عیززەتی زانستی هەبوو, لەبەرامبەریشدا هێندە خۆی پێ کەم زان بوو, کە هەموویشی لەفیکری تەوازوعو دڵسۆزی دابوو نەك خۆ بچووك کردنەوە لەبۆتەی شەهادەیەکدا, هەروەك جەنابی (مەلای گەورە) لەتەفسیرەکەیدا ئاوا دەنووسێ (بەندەی حەقیر لەیادمە....)، (بەرگی٤ لاپەڕە ٢٣٣), لەبەرامبەریشدا هیچ شەهادەیەکی بەسەپانی خۆی نەدەزانی, ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە زانای ئەمڕۆ ئەوانەی بەدکتۆراوە دەنازن ئەگەر هێندەی مەلای گەورە زانستیان هەبێ دەبێ چۆن رەفتار لەگەڵ خەڵکی تر بکەنو چۆن بەبڕوانامەکانیان سەرسام بن؟

ئەمڕۆ لە هەموو کات پێویستمان بەبڕوانامەیە, بەڵام بڕوانامەیەك بۆ مەلای کورد کە نەیخاتە پێش مەلایەتییەکەیو مەلای گەورە ئاسا هەر لەبەر تریفەی زانستدا حەقیرو بچووکێك بێتو بە پۆستو پلە بڕوانامە لەقەبی مەلایەتی خۆی فڕێ نەداو بێ نمەك نەبێ.

Hem٩٩٢٠٠٣@yahoo.com

# پێنج خاڵ بۆ ئیسلاح

سامرەند

ئەمڕۆ لەهەرێمی کوردستان قسە لەگەندەڵیی ئیداریو بێ هێزیی دەوڵەت دەکرێ. دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن هەردووکیان ئەو واقیعەیان قبووڵ کردووەو دانیان پێدا ناوە. لەپاڵ ئەوەدا من پێم وایە بابەتی دیکەی ئاواش هەن کە شەرت نییە سیاسی ئیداری بنو لەبەر چاوان بن، بەڵام بایخی هێنانە گۆڕو قسە لێکردنیان لە هەموو ساتەوەختێکدا هەیەو هەموو لایەك لێیان مەسئوولن. ئەمڕۆ سەرنجی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن هەر کامە بەڕێگایەکدا لەسەر ریفۆرمە. پێکهاتنی فەزایەکی ئاوا پێش بەهاتنە گۆڕێی ئەو بابەتانە ناگرێ کە لێرەدا دەیاننووسم، بگرە وەدواخستنیان بێ مانایە. ئەوانە واباشە سەرنجیان بدرێتێ چونکە لەدرێژخایەندا دەتوانن شوێنەواری خۆیان دابنێن. بەمەبەستی ئیسلاحو چاککردن، ئینشاڵڵا، بەم جۆرە ڕای خۆم لەسەر گۆڕان لەچەند خاڵدا دەردەبڕم:

## ١- تاریخی تەزویر

کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانو ڕۆشنبیران بە عام لەگواستنەوەی مێژووی دەستکرد بۆ نێو خەڵکدا زۆر هەڵدەسووڕێن. نەورۆزو زەردەشتو ساسانیو ئەو جۆرە شتانە ئی کورد نین. وا باشە مێژووی تەزویرو دابی ئەملاو ئەولا بە مولکی کورد نەناسێندرێن. بەهار فەسڵێکی خۆشەو تەبیعەت دەژێتەوە، بەڵام نەورۆز لەخۆیدا جەعلەو حەقیقەتێکی نییە. مێژوویەکی کە لەمێدیاکانەوە لە هەموو پارچەکان ئەمڕۆ دەرخواردی خەڵك دەدرێ لەڕاستیدا مێژووی تەزویرە. ئەو تەزویراتە لە کۆمەڵی دیکەدا بۆ مەبەستی خۆڵ دە چاوی خەڵك کردن کراون کە پاشان ڕۆشنبیریی ئێمە بە قەرز وەریگرتوونو خۆی پێوە ڕاناوە.

## ٢- ئاگری نەورۆز بۆ چی؟!

"نەورۆز" وشەیەکی فارسییە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەر هیندێك حەول لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوو لەئێراندا بۆ دروستکردنی مەجموعەیەك ئەفسانەو چیرۆکی قەڵب. ئەو شتە تەزویرانەو کۆمەڵێك مێژووی بێ بنەمای دیکە کران بەهەوێن بۆ خۆبەزلزانیی قەومی فارسو دانانی پاڵپشت بۆ دەوڵەتی مۆدێڕنی ڕەزاشا لەسەرەتای قەرنی بیستەمدا. نێوەڕۆکی چیرۆکەکەش حیکایەت لەڕووخانی زحاك بەدەست فەرەیدون دەکا کە زحاك دەبێ هەر ئاستیاکی ئاخیر پادشای ماد بێ، بەحیسابی ئەو مێژووەی لەسەر کاغەز هەیە. هەڵپەڕینی کوردان لەنەورۆزدا بۆ ڕووخانی ئاخیر پادشای ماد بەدەست هەوەڵ پادشای فارس لەمێژوودا شتێکی سەیروسەمەرەیە.

دروستکردنی دوو مار لەسەر شانی ئاستیاك واتە زوحاكو فەخرو سەربەرزیش بۆ بەرامبەرەکەیو کوتك وەشاندنی کاوەو ئاگرەکەی نەورۆزو ئەو باسانە پاکی درۆن. با خەڵکی خۆمان لەوانە ئاگادار کەینەوەو شەففافیەت نەك هەر لەئیدارەو سەرفی بودجەو سیاسەتدا بکەین، بەڵکو لەکلتوورو مێژووشدا چاوکراوە بین. بەئێرانیو فارسی ناساندنی نەورۆز لەلایەن "ئومەمی موتتەحیدە" وە دەرفەتی چاکە بۆ ئەوەی درۆیەکی زەبەلاح بەناوی نەورۆز لە قاو بدەینو ئەو شتە بۆ نەوەکانی ئەمڕۆو داهاتوومان ڕاست بکەینەوە.

دووکەڵ ساز کردنو ئاورکردنەوەو تسوونامییەك لەدرۆ لەسەر مێدیا کوردییەکان سەبارەت بەمێژووی نەورۆز لەچەند ڕۆژی داهاتوودا دەست پێدەکا. تێفکرینو لێکدانەوەیەکی ناوەکان لەچیرۆکەکەدا حەقیقەتی باسەکە دەردەخاو نەورۆز شەففاف دەکاتەوە. ناوی زحاك یان سحاك لە (اسحاق)ەوە وەرگیراوە. نەورووز (نەك نەورۆز) هەر گۆڕدراوی نەورود یان (نەمرود)ەو کاوەی کوتك وەشێن لەکەسایەتیی حەزرەتی ئیبراهیم خەلیل کۆپی کراوە. لەدەیان خاڵی وێکچووندا ئەو کۆپی کرانە دەردەکەوێ. کاتێك لێی دەکۆڵیەوە، لەنزیك بە ٢٠ خاڵدا هەرچی لەباسی ئیبراهیم ی خەلیل دا دەیبینی کۆپییەکەی لەکەسایەتیی "کاوە"شدا دەدۆزییەوە، وەك: کوتکی کاوەو تەوری ئیبراهیم، ئاوری نەورۆزو ئاوری نەورود (نەمرود)، سەربڕانی کوڕی کاوەو کوڕی ئیبراهیم، تەمەنی پیریی کاوەو پیریی ئیبراهیمو ئەو بەرانەی کە لەباتی کوڕی هەردووکیان سەر دەبڕدرێ لە هەردوو چیرۆکدا. تەنانەت ناوی ئەو کەسەی بەرانەکە بۆ نەجاتی ئیسماعیل بۆ ئیبراهیم دێنێ لەگەڵ ناوی ئەو کەسەی بەسەربڕینی مەڕو دەرخواردانی مێشکەکەی بەمارانی زوحاك دەبێتە هۆی نەجاتی کوڕانی خەڵك لەمەتبەخی زوحاك دا وێك دەچن. لەچیرۆکی ئەسلی دا ناوی جوبرائیلو ئیسماعیل هەیە، لەکۆپییەکەدا (کە نەورۆزە) دوو کەس بەناوەکانی ئەرمایلو گەرمایل لەمەتبەخەکەی زوحاك بۆ نەجاتی کوڕی خەڵك مەڕ سەر دەبڕنو مێشکەکەی دەدەن بەمارەکانو... هتد. هەروەها کاتی ڕاپەڕینی کاوە لەگەڵ کاتی ڕاپەڕینی ئیبراهیم وێك دەچن لەوە دا کە هەر دووکیان لەغیابی دەسەڵاتدا زەبری خۆیان دەوەشێنن، کاوە بەکوتکەوە لەکاتی بە سەفەرچوونی زحاك دا خەڵك وەدوای خۆی دەداو کۆشکەکە دەگرێ، ئیبراهیم-یش لەکاتی چوونە دەری خەڵك بۆ سەیران زەفەر بەبتەکان دەباو بە تەورەکەی دەیانشکێنێ. ئیبراهیم دوای ئەوە دەخرێتە مەنجەنیقو ئاگری بۆ دەکرێتەوەو کاوەش دوای ئەوە ئاگر دەکاتەوە. ئاگرەکە بۆ ئیبراهیم سەرکەوتنی بەدوا دادێو بۆ کاوەش ڕەمزی سەرکەوتنە.

خەڵکە خۆماڵییەکە کە من لێیان دەپرسم دەڵێن پێشتر گوتوومانە نەورۆز هی عەجەمانە. لەکوردەواریدا لەساڵی ١٩٤٨ داوا لە مامۆستا پیرەمێرد دەکرێ کە بۆ ئەو بۆنەیە شێعر دابنێو ئەو دەڵێ: جێژنێکی قەومی کوردە بەخۆشیو بەهاتەوە. دواتر خوالێخۆشبوو حەسەن زیرەك لەڕادیۆی کرماشانەوە سروودەکە بە جەعلکراوی دەڵێتەوە. لەئیزگەی کرماشان کە لەژێر ئیدارەی دەوڵەتی شا دابوو شیعرەکە تێکهەڵکێش بەوەسفی شای ئێران دەکرێو لەجێی "جێژنێکی قەومی کوردە"، زیرەك دەڵێ جێژنێکی کۆنی کوردە. ئەم کۆن بوونە لەو ڕێگایەوە بەسەر کلتووری ئێمە دابڕاوە، بەغەیری ئەوە نەوروز کۆن نییەو تەنیا هەڵگێڕدراوەو کۆپی کراوی چیرۆکەکەی نمرودە لەسەدەیەك لەمەو پێشەوە.

وام پێ باشە بە پیر نوێ بوونەوەی تەبیعەتو فەسڵی بەهارەوە بڕۆینو لەباتی تیکرار کردنەوەی چیرۆکی ئاڵۆزو پڕ لەدرۆی مارو ئاورو زحاكو کاوە، لەو ڕۆژەدا کە یەکەم ڕۆژی بەهارە لەبیری ژینگەو خاوێن ڕاگرتنی دابینو لەجیاتی ژینگە پیس کردنو ئاور کردنەوەو چڕە دووکەڵو جەو خراپکردن، دار بچەقێنین با ساڵ لەگەڵ ساڵ گەورە بێو کوردستان سەوز بکاتەوە.

## ٣- خوایە وەتەن ئاوا کەی

با لەپاڵ "ئەی ڕەقیب"دا کە باس لە قەوم دەکا، نەشیدێکیشمان بۆ وڵاتەکەمان هەبێ کە ئەگەر کەمایەتییەکی غەیرە کوردیش لەگەڵمان بوو بتوانێ هەست بەهاوبەشی بکا. "ئەی ڕەقیب" جێگای ڕێزە، بەڵام بۆ کاتی حکومەت کردن خوایە وەتەن ئاوا کەی گونجاوترە.

## ٤- زمانی کوردی شێوێندراوە

با زمانی کوردی لەپەلاماری وشەی داتاشراوو فارسیزاسیۆن بەدوور بێ. ئەوەی لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە بەسەر زمانی کوردی هێندراوە لەخۆیدا شێواندنو شپرزە کردنە. ئەو زمانەی نوخبەی

بۆ ل١١

# یەکێتی زانایان داوای زیادکردنی موچەی پێش نوێژو وتارخوێنان دەکاتو زانایانیش بەو هەنگاوە خۆشحاڵن

ئا: عەبدوڵلا ئەحمەد

بەمەبەستی زیاتر خزمەت کردنی مامۆستایانی ئایینیو بەدەنگەوە چوونی داخوازی زانایانو ئاوەڕدانەوە لەو مامۆستا ئایینیە بەڕێزانەی، کە ژیانیان لەئاستێکی باش دانییە، یەکێتی زانایان وەك دەستپێشخەریو هاوکاری کردنی ئەو تەوەرە، بەنووسراوێکی رەسمی داوای لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، کە موچەی زانایان زیان بکرێت، لەبەشێکی نوسراوەکە هاتووە: لەنووسراوەکەدا هاتووە: زانایانی ئایینی بەپیشەی (پێشنوێژو وتارخوێن)و (پێشنوێژ) ئەرکێکی گرنگیان لەسەر شانەو، هەر یەکەو لەمزگەوتی خۆیان وێڕای ئەرکە ئایینیەکەی خۆیان سەرپەرشتی فەرمانبەرانو کاروباری مزگەوت دەکەنو، تائێستا دەرماڵەی (پایە)یان بۆ سەرف نەکراوە.

لەبەشێکی دیکەی نوسراوەکە ئاماژە بەوە کراوە، کە پێویستە حکومەتی هەرێم بەپێی رێنمایی وەزارەتی داراییو بە فەرمانی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٠٨ی بڕگەی دەرماڵەکان، دەرماڵەی پایە بدرێت بە پێش نوێژو وتار خوێنان، بەبڕی ٢٠٪ بۆ خەتیبەکانو ١٥٪ بۆ ئیمامەکان خەرج بکرێت.

### سەرۆکی یەکێتی زانایان:
### لەبەر ئەوەی مامۆستایانی ئایینی سەرپەرشتی دامەزراوەیەکی ئایینی وەك مزگەوت دەکەن، مافی خۆیانە دەرماڵەی ( پایە )یان هەبێت

لەبارەی ئەو داواکاریەشەوە لە لێدوانێکدا بۆ (پەیام) بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵلا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان گوتی: لەبەر ئەوەی هەستمان کرد زۆرێك لەمامۆستایانی ئایینی موچەکانیان وەك پێویست نییەو گوزەرانیان لەئاستێکی باشدا نییە، بەپێویستمان زانی بە پشت بەستن بە فەرمانی وەزارەتی دارایی ساڵی ٢٠٠٨و بڕگەی دەرماڵەکان- ژمارە (٢١)، داوای دەرماڵەی پایە بکەین بۆ پێش نوێژو وتارخوێنان، لەبەر ئەوەی مامۆستای ئایینی لەیەك کاتدا سەرۆکی دامەزراوەیەکی ئایینیە، کە پێی دەگوترێ مزگەوتو لەهەمان کاتیش چاودێرو سەرپەرشتیاری فەرمانبەرانی مزگەوتو چۆنیەتی بەڕێوەبردنی خودی مزگەوتەکەیە، بۆیە مافی خۆیەتی دەرماڵەی پایەی پێ بدرێت، کە ئێمە داوامان کردووە ٢٠٪ بۆ پێش نوێژو وتارخوێنەکانو ١٥٪ش بۆ پێشنوێژەکان دیاری بکرێت.

لەلایەن خۆشیانەوە مامۆستایانی ئایینی خۆشحاڵن بەو هەنگاوەی یەکێتی زانایانو بەپێویستیشی دەزانن حکومەتی هەرێم وەلامی ئەو داواکاریەیان بداتەوە.

### مامۆستا مەلا پشتیوان شوکر
### هیوادارم حکومەت ئەو هەنگاوە جێبەجێ بکات

لەو بارەوە بەڕێز مامۆستا مەلا پشتیوان شوکر خدر پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی برایان لەبنەسلاوە گوتی: هەڵبەت ئێمە دەست خۆشی لەو هەنگاوە دەکەین، کە دەرماڵەی پیشەیی بدرێت بە مامۆستایانی ئایینی، بۆ باشتر کردنی ژیانو گوزەرانیان، بەڕاستی هەنگاوێکی باشەو بەهۆیەوە دەتواندرێ وەزعی زۆرێك لە مامۆستایان بەرەو ئاستێکی چاکتر ببرێت.



گوتیشی: داوا دەکەم حکومەتی هەرێم ئەو داخوازیە جێبەجێ بکات، سوپاسی یەکێتی زانیان دەکەینو هیواخوازین لە هەنگاوی پڕ خزمەت بە زانایان هەمیشە لە بەرەی پێشەوە بێتو بە پیر داخوازی زانایانەوە بچێت.

### مامۆستا مەلا ئەمجەد کەریم
### جێی خۆیەتی وتاربێژان بەهەنگاوێکی لەو شێوە خزمەت بکرێن

هەورەها مامۆستا مەلا ئەمجەد کەریم غازی پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی شەهید عەبدولقادر لەگەڕەکی نەورۆز سەبارەت بەو هەنگاوەی یەکێتی زانایان



گوتی: زۆر کەیف خۆش بووم بەو هەنگاوەی یەکێتی زانایان، کە هەنگاوێکە ئەگەر حکومەتی هەرێم جێبەجێی بکات، دەتوانێ هەلی باشتر بۆ مامۆستایانی ئایینی بڕەخسێنێ بۆ خزمەتکردنی زیاتری مزگەوتو موسڵمانان.

بە تەئکید لە جێی خۆیەتی مامۆستایانی ئایینی خزمەت بکرێن، چونکە رۆڵێکی کاراو دیاریان هەیە لەناو کۆمەڵگەو خزمەتکردنی هاوڵاتییان.


یەکێتی زانایان
داوا لە ئەنجومەنی وەزیران دەکات مووچەی مامۆستایانی ئایینی زیاد بکەن

### مامۆستا مەلا سەید موسا
### دەبوا پێشتر ئەو دەرماڵەیە بە مامۆستایانی ئایینی بدرێت



هەروەها مامۆستا مەلا سەید موسا باقلانی پێش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی گەورەی مەخمور وێڕای خۆشحاڵی دەربڕینی بەو هەنکاوەی یەکێتی زانایان گوتی: دەبوا پێشتر ئەو دەرماڵەیە بە مامۆستایانی ئایینی بدرێت، چونکە مافی خۆیان بووە، لەبەر ئەوەی مامۆستایانی ئایینی ئەرکێکی قورسیان لەسەر شانە، مزگەوتیش ناوەندێکی خواپەرستیە، بەڵام وەزارەتی ئەوقاف کە وەزارەتی حکومەتی هەرێمە سەرپەرشتی مزگەوتەکان دەکات، ئەوقافیش لەڕێی مامۆستایانی ئایینیەوە مزگەوتەکان بەڕێوە دەبات، لەبەر ئەوە سەرپەرشتیاری مزگەوت هەقی خۆیەتی دەرماڵەی پایەی بۆ زیاد بکرێ.

هەر لەبەر ئەوەشە دەست خۆشی لەیەکێتی زانایان دەکەم، کە چاوی بەڕێنمایی وەزارەتی دارایی خشاندۆتەوەو بەپێی بڕگەی ئەو رێنماییە داوای زیاد کردنی موچەی مامۆستایانی ئایینی کردووە، هیوام وایە حکومەتی هەرێم ئەو هەنگاوە بخاتە بواری عەمەلیەوەو کار لەسەر ئەو داوایەی یەکێتی زانایان بکات.

# ڕۆڵی زانایانی ئایینی لەڕاپەڕینەکاندا


مەلا ئەحمەدی قامیشی

سەرەتا ئەڵێم ڕاپەڕین بۆ؟ وەڵام: لەپێناو ڕاماڵینی ستەمو ناعەدالەتیو بەرجەستەکردنی عەدالەتو ژیانو ژیاری یەکسانی بۆ هەمووان، بەچاکسازی سیاسیو خزمەتگوزاریو چەسپاندنی عەدالەت کە ئەوەش پەیامی پێغەمبەرانە وەك خوای گەورە لەسەر زمانی حەزرەتی شوعەیب فەرموویەتی (ان ارید الا الاصلاح ما استطعت...)، بەهۆی لادانی سیستمی ئیسلامی لەبەڕێوەبردندا ستەمو گەندەڵی ژیانیان پڕکردووە بۆیە مانگرتنو خۆپیشاندانو هاواری چاکسازی بەردەوامەو زۆرینەی قوربانیانی ئەم ڕەوشەیش موسڵمانانن وەك لەناو بەندیخانەکاندا دەبینرێن، بۆیە هەوڵو هاواری ڕاپەڕینو چاکسازی بۆ موسڵمانان پێویستره، چونکە ستراتیجی پەیامەکەیانە، دیارە کە وەڵامی چاکسازی نەدرایەوە ناچار ڕاپەڕینی بەدوادادێت.

ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی: لێرەو لەوێ گلەیی نابەجێ دەبیسرێ کە مامۆستایانی ئایینی ڕۆڵیان نییە لەپێشهاتەکاندا!، بێئاگا لەوە کە پەیامی زانایان بەردەوام دڵسۆزیو ئامۆژگاریە وەك لەفەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە(ص) (الدينُ النصيحة...) واتە دین ئامۆژگاریو دڵسۆزییە بۆ کتێبەکەی خواو پێغەمبەرو کاربەدەستانی موسڵمانو سەرجەم موسڵمانان بەگشتی، هەر ئەو دڵسۆزیەش بوو وایکرد هەندێ لەگەلانی عەرەب لەمەسالەدا دژ بەسەرانی ستەمکاری خۆیان بەتایبەت لە (میسرو لیبیاو تونسو یەمەن) ڕاپەڕین، کە زانایانی ئایینی سەرمەشقو پێشەوابن بەتایبەت زانای گەورەی ئەهلی سوننە (یوسف قەرزاوی)، وە هەر ئەو دڵسۆزیو پاڵنەرە ئیمانییە بوو کەوایکرد لەموسڵمانانی کوردستان ساڵی (٩٨٧) شۆڕشێکی ئیسلامی ڕابگەیەنن لەدژی ستەمی بەعسی بەناوی بزوتنەوەی ئیسلامی بەسەرکردایەتی کۆمەڵێك زانای عەمامە پاکی وەك م. مەلا عوسمان کە ئەوکات ئەو کارە زۆر نامۆ بوو کە سەرەنجام ڕابوونی گەورەی ئیسلامی لێکەوتەوە لەکوردستان، پاشان ئەوە مەلای کوردە لەسەر منبەرەکان خەڵکی ئاراستە دەکەن بۆ دەستو دامێن پاکی دووکەوتنەوەیان لەدرۆو خیانەتو گەندەڵی کە ئەم ڕۆژیانیان لێ کردوین بەژانو پێیان دەڵێن دڵسۆزی گەلو نیشتمان بن دەنگ بدەن بەکوردستان..، خۆ ئەگەر هاوڵاتییان چاکە کارو وشیاربن ئەوە پێش هەمووان حکومەت سوودمەند دەبێتو بەندیخانەکان چۆڵ دەبنو ژیانو ژیاریان پێش دەکەوێت، لەبەر ئەوەیە کە شوێنکەوتووانی مەلا واتە ئەهلی مزگەوتو ئەوەشی بەڕاستی مەلایە تائێستا بازرگانیان بەگەلو نیشتمانەوە نەکردووە، لەکاتێکدا مەلای کوردستان پەراوێزکروان، بەڵام مەلای عەرەب بەتایبەت مەلای شیعە دەسەڵاتدارو پارەدارنو خاوەنی مەرجەعنو لەپەرلەمانیاندا پریەتی لەمیزەر بەسەر ئەوانی تریش هاوسۆزیانن، بۆیە بەراورد ناکرێن لەگەڵ مەلای ئێمەدا بەتایبەت لەڕۆژگارێکی ماتریالستی وەك ئەمڕۆدا کە هێزی دەسەڵاتو پارە کاریگەرترە لەشتەکانی تر، لەگەڵ ئەوەشدا شارستانی ئیسلامی شانازی دەکات بەزانایانی کورد کەڵە زانایانی وەك (ابن ئادەم، ابن خەلەکانو شارەزووریو ابن مستەوفیو بەدلیسیو مەلای گەورەی کۆیەو مەلا عبدالکریمی مودرسو عەلی تەرەماخی) شاعیرەکانیشمان هەر لە مەلایەتییەوە پێ گەیشتوون کە بوونە قوتابخانەی ئەدەبیاتی کوردی وەك (نالیو مەحویو مەلای جەزیریو ئەحمەدی خانیو... هتد)و هەریەك لە مەلا مەحمودی بایزیدیو مەلا سەعیدی نورسی کوردستانی ئەو دوو زاتە بوون کە بەشێکی زۆری کەلتوری کوردیان لەفەوتان ڕزگارکرد، یەکەم زانای سیاسەتو بەرقەرارکەری بیرۆکەی فیدرالیەت لەنێوان میرنیشەنەکانی کوردو عوسمانییەکاندا مەولانا ئیدریسی بەدلیسی بوو،و سەرجەم سەرانی شۆڕشەکانی کوردیش لەبنەماڵەی ئایینی بوون قازی ئاسا لەپێناو گەلەکەیاندا گیانی خۆیان بەخشیو هیچ کۆشكو تەلارو فایلو باخیان بەجێ نەهێشت، چونکە لەخوا دەترسانو خزمەتکردنی گەلو نیشتمانیان بەشێك بووە لەدینداریان کە هەرواشە، زۆر بەداخەوە کە عەقلی سیاسی دەسەڵاتی کوردی گرنگی بەعەقلی مەعریفی زانایانی خۆی نادات بۆیە ئێستا ناتوانن وەك پێویست ڕۆڵی سەرەکی ببینن، سەرەڕای ئەو هەموو گرفتانەش هەر بەردەوامنو لەسەرجەم قەیرانەکان هەڵوێستیان بووە، ئەوە جگە لەبوارەکانی فەتواو ئاشتەواتیی کۆمەڵایەتیو هەوڵەکانی ڕێکخراوی یەکێتی زانایان بەتایبەت پرسی نەتەوەیی، چونکە ئێمە کێشەی نەتەوەیمان هەیە نەك کێشەی (جگەرە کێشان خەتەنەی ئافرتو کۆنسێرتی فلانو فیسار)، لەکۆتایدا دوور لەدەمارگیریو بەشایەتی مێژووی دوورو نزیك ئەڵێم پرسی کورد ئەگەر هەوڵو خەباتی زانایانی ڕاستەقینەی ئایینی لێدەربکەی شتێکی ئەوتۆی نامێنێتەوە.

بۆ ل١١

# گۆڕانی (فەتوی)ی ئاینی


ئا: عبدالله سید نوری

بسم الله الرحمن الرحيم.

(فتوی)ی ئاینی ئیسلام دەگۆڕێ بەپێی کاتو شوێنو چۆنیەتی ڕووداوەکەو ئەو کەسەی فتواکەی دەرهەقی دەدرێ... هتد. چونکە بنەمای ئایینی ئیسلام لەسەر هەڵگرتنی قورسی لەسەر مرۆڤ دامەزراوە هەروەها دامەزراوە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بەندەکان لەجموجۆڵی ڕۆژانەو مامەڵەکردنی هەریەك لەگەڵ ئەوی تر. بەڵام ئەم گۆڕانکارییە ڕوودەدات کاتێ گۆڕانکاری لەبنەما سەرەکییەکان نەبێ واتە لەبەشی عقائد نەبێ وەك باوەڕبوون بەخواو پێغەمبەران... هتد واتە گۆڕانکارییەکانو لەفتوادا و بەکاردێت تەنهاو لە لقە فقهییەکانو نەك لەبنەما سەرەکییەکانو, هەروەها دەبێ گۆڕانی فتواکان بەپێی کاتو شوێن لەسەر بەرژەوەندی گشتی بێت.

بەرژەوەندییەکانیش دەبێ ئەم چەند مەرجانەی تیادابێ:-

١- بەرژەوەندییەکە دەبێ گشتی بێ. واتە بەرژەوەندیەك نەبێ سوودی بۆ هەندێ هەبێتو بەڵام لەهەمانکاتیشدا بۆ زۆرینە زیان بەخش بێت.

٢- دەبێ ئەم بەرژەوەندییە دژ بەدەقێکی ئاشکرای قورئان یان سوننەتی پێغەمبەر(د.خ) نەبێت.

٣- دەبێ واتای ئەم بەرژەوەندییە زانراو بێت نەك شاردراوە بێت.

٤- دەبێت عەقڵ قبولی بکات.

امامی ابن القيم لەکیتابی (اعلام الموقعين) دەڵێت: شەریعەت بنەماکانی لەسەر بەرژەوەندی مرۆڤ دامەزراوە لەکارو کردەوە بۆ دنیاو قیامەت, بەعەدالەتێکی گشتیو رەحمەتو بەرژەوەندیو حیکمەتی تەواو, وەهەر حوکمێ عەدالەتو رەحمەتو حیکمەتی تیا نەبوو ئەوە شەریعەتی خودا نییە, بەڵکو بیرورای کۆمەڵە کەسانێکن حوکمی خودایان نەپێکاوە تێنەگەیشتون لەئەسلی بنەما گشتییەکانی ئەم ئایینەو بەرژەوەندییەکانی.

بۆیە پیاوێکی بریندارلەیەك لەغەزاکاندا کاتێ توشی (جەنابە) دەبێ واتە توشی (لەش پیسی) دەبێ دەیەوێت تەیەموم بکات بەخۆڵ، چونکە برینەکانی زۆر بوو وەزستانیش بوو ئاوی گەرم نەبوو بۆ ئەوەی غوسلی خۆی دەرکات. بەڵام چەند کەسێك وتیان تۆ بۆت نییە تەیەمووم بکەی بەڵکو دەبێت خۆت بەئاو بشۆی ئەگەرچی ئاوەکە ساردیش بێت, ئەویش بەقسەی ئەوانی کرد بەئاوی سارد خۆی شووشت پاشان توشی نەخۆشی بوو مرد کاتێ گەڕانەوە لای پێغەمبەر بەسەرهاتەکەیان بۆ باسکرد پێغەمبەر(د.خ) فەرمووی.. خودایە ئەوانە بکوژی کە ئەویان کوشت, ئەو دەیتوانی تەیەمومی بکردایە, گەر نەیاندەزانی بۆچی بەهەلە فتوایان بۆیدا. بزانە چۆن خۆشەویست ئەوانی بەکوژەر دانا لەبەر هەڵەی فەتواکەیانو رەچاو نەکردنیان بۆ ئاسانکاریو بەرژەوەندیەکانی ئاینی ئیسلام.

پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر(د.خ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا خێزانەکەم ماچ بکەم بەزمانی بەڕۆژو هیچم لەسەرە؟ فەرمووی: نەخێر. پاشی چەند ساتێکی تر گەنجێك هەمان پرسیاری کردەوە لەپێغەمبەر(د.خ) پێغەمبەر فەرمووی: ئەمە مەکە.

حیکمەتی ئەم جیاوازی لەنێوان گەنجەکەو پیرەکە: پیرەکە چاوەڕوانی ئەوەی لێناکرێت شتی زیاتر بکا, بەڵام گەنجەکە لەوەیە مەترسی ئەوەی لێبکرێ پاش ماچەکە شتی تربکاتو ڕۆژووەکەی بەتاڵ بێت.

پیاوێك هاتە خزمەت (ابن عەباس) وتی قاتل خوای گەورە تۆبەی لێ قبوڵ دەکات, فەرمووی نەخێر! کاتێ پیاوەکە ڕۆیشت هاوەڵانی (ابن عباس) وتیان : بۆچی وات وت مەگەر پەروەردگار لەهەموو گوناهێك خۆشنابێت؟ فەرموی بەڵێ! بەڵام ئەو پیاوە دەستی لەسەر شمشێرەکەی بوو دەیویست یەکێك بکوژێ ئینجا تەوبە بکات، ئەوەم خوێندەوە لەدەمو چاویدا, لەو فەرمودەیە چۆن فتوا گۆڕا لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر.

هەروە ها امامی (عمر)(ر.خ ) دەستی دزی نەدەبڕییەوە لەساڵی گرانییەکە هەروەها زەوییەکانی عێراقی دابەش نەدەکرد بەسەر موجاهیدییەکان لەبەر بەرژەوەندی گشتی.

مەزهەبی حەنەفی گۆڕانکارییەکی زۆری بەخۆیەوەبینی پاش مردنی (امامی ابوحنیفە). چونکە دوو هاوەڵەکەی (ابو یوسفو موحەمەد) زۆر ڕای جیاوازیان هەبوو وەکاتێ بە ئەبو (یوسف)یان دەوت بۆ ئەوەندە جیاوازیت هەیە لەگەڵ ئیمامی (مەزهەبەکەت) لەوەڵامدا وتی: گەر (امامەکەم) بژیایە لەم سەردەمە وەك من بەحوکمی ئەم سەردەمە فتوای دەدا!!.

امامی شافعی لەتەمەنی لاویدا لەعێراق جورە فتوایەکی دەدا، بەڵام کاتێ تەمەنی گەورەتر بوو تەجروبەی زیاتربوو زۆربەی فتواکانی گۆڕی بۆیە دەوتری شافعی خاوەن قولی قديمو جديده، واتە لە (عێراق) بەجۆری بوو وە لە(میسر) بەجۆرێکی تر.

قیروانی هاوەڵێکی امامی مالك بوو. پاش وەفاتی مالك سەگێکی بۆ پاراستنی ماڵەکەی دانا بوو, خەڵکی پێیاندەوت ئەمە دروست نییە لەمەزهەبی ئیمامەکەت (مالیکە) لەوەڵامدا وتی گەر امامی مالیك بژیایە فتواکەی دەگۆڕی لەجیاتی (سەگێ شێرێکی) دادەنا.

وئەوەی تەماشا بکات لەمەزهەبی امامی (احمەدی کوری حەنبل) دەبینێ هەندێ جار لەیەك بابەت هەشت فتوای جیاوازی هەیە، بەڵام گەر تەماشای مێژووی هەر یەکێك لەو

